MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS OF DENMARK

ICMPD
International Centre for Migration Policy Development

# هاوبەشیپێکردنی تواناکان و دەستگەیشتن بە زانیارییەکان بۆ تێکەڵکردنەوە (اندماج)ی گەڕاوەکان لە عێراق بە شێوەیەکی بەردەوام (CAIR II)

زانیاری بەسود، تەموزی ٢٠٢٣

## باکگراوند و چوارچێوە

(CAIR II) پرۆژەیەکە بۆ بەدواداچونی قۆناغی یەکەم (CAIR I) کە لە شوباتی ٢٠٢١ تا مارسی ٢٠٢٣ جێبەجێکرا. قۆناغی دووەمیش (CAIR II) لە لایەن سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆچ (ICMPD) جێبەجێدەکرێت. لەسەر بنەمای دەسکەوت و هەنگاوەکانی قۆناغی یەکەم، قۆناغی دووەم کارەکانی فراوان دەکات بە پشتبەستن بە ئەولەویەتە چەسپێنراوەکانی قۆناغی یەکەم. هەروەها کارەکانی فراوان دەکات بەپێی ئەو چەند دەرەنجامانەی کە پەیوەندیدارن بە تواناداركردنی دامەزراوەکان بۆ بەشداریپێکردنی حکومەتی عێراق و کەرتی تایبەت، لە ڕێگای شێوازی بەشداریپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری بۆ پەیوەندیکردن و دەستگەیشتن بۆ ئەو کەسانەی نیازی کۆچکردنیان هەیە یان دەگەڕێنەوە بۆ عێراق دوای کۆچکردن.

**کۆمەکبەخش**
وەزارەتی دەرەوەی شانشینی دانیمارک

**لایەنی جێبەجێکار**
ICMPD

**ماوە**
حوزەیرانی ٢٠٢٣ - ئایاری

CAIR II لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی شانشینی دانیمارکەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت و لەلایەن ICMPD لە عێراق جێبەجێ دەکرێت. پڕۆژەکە پشت دەبەستێت بە ئەزموونی ICMPD کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا پشتگیری کارە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق دەکات لە بەهێزکردنی چوارچێوەیەکی نیشتمانی بۆ تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکانی عێراق.




سوودمەندانی پڕۆژەکە بریتین لە سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران (GSCoM) ، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (MoMD) ، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MoLSA) ، وەزارەتی پلاندانان (MoP) ، لە هەرێمی کوردستان: حکومەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان، نوسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان لقی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدراڵ و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەو کۆمەڵگایانەی کۆچبەریان بۆ دێت یان دەبن بە خانەخوێ، هەروەها ئەو کۆچبەرانەی کە نیازی کۆچیان هەیە یان سەرقاڵی کۆچکردنن یان دەگەڕێنەوە بۆ عێراق.

## ئامانجەکان



بە پشتبەستن بە شێوازی تەواوی حکومەت/تەواوی کۆمەڵگە و هاوبەشیپێکردنی تواناکان هەڵبستین بە بەشداریکردن لە تێکەڵکردنەوەی بەردەوامی گەڕاوەکانی عێراق و، خودی تاکەکان و خانەوادەکانی نێو کۆمەڵگەی کەسە گەڕاوەکان، بە چڕکردنەوەی کارەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و بەغدا و ئەنبار و سەلاحەددین و بەسرە و کەرکوک.

پرۆژەکە پشتگیری کۆماری عێراق دەکات بە تایبەتی لەمانەی خوارەوەدا:

- لە ڕێگەی پەیمانگای ڕاهێنانی هاوبەشیپێکردنی تواناکان بۆ کۆچ (MCP-TI)، کە بنکەکەی لە ڤالێتایە لەماڵتا، هەڵبستین بە ئەنجامدانی چالاکی تایبەت و چڕکراوە لەسەر تواناداركردنی دامەزراوە حکومییەکان کە بەشدارن (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لە بواری گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە گەڕاوەکان لە ڕێگەی ڕاهێنانی چڕکراوە بۆ سوودمەندانی پرۆژەکە.
- پەرەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنانی ڕاهێنەران (ToT) بۆ دابینکردنی تواناسازی لە بواری پاڵپشتیکردنی دووبارە تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکان بۆ ناو کۆمەڵگەکان.
- بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەشداریپێکردنی چالاکانەیان لە هەوڵەکانی دووبارە تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکان؛ هەروەها پاڵپشتی بەردەوامیان بۆ کاراکردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشترکردنی دیالۆگ و پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و کەرتی تایبەت.
- بەئەنجامگەیاندنی (دیدی تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکانی عێراق) وئەو پلانی کارەی هەیەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناوچە لەپێشینەکانی حکومەتی عێراق لە بواری گەڕانەوەی کۆچبەران و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان.[1]
- فراوانکردنی کارەکانی سەنتەری سەرچاوەکانی کۆچبەران MRC[2] ـ بە پێی دیدی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. پێشبینی دەکرێت خانەی تایبەت بە سەنتەری سەرچاوەکانی کۆچبەران (MRC-Hubs) دابمەزرێن، کە بەهۆیەوە بەشی کار (لە ناوچەکانی کۆچکردنی مەترسیدار) ڕاهێنانیان پێ دەکرێت لەسەر ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری بۆ ئەوەی ببنە چەند یەکەیەک بۆ پاڵپشتی فراوانکردنی کارەکانی MRC.

## ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان

- بەهێزکردنی توانا دامەزراوەییەکانی حکومەتی عێراق لە بواری گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە لە ڕێگەی ئەو ڕاهێنانانەی کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دانپێدانراوە.
- پەرەپێدانی باشترکردنی توانای دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان تا بتوانن خزمەتگوزاری کوالیتی بەرز و کاریگەر بۆ گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکان دابین بکەن.
- بەهێزکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی دووبارە تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکان لە عێراق، لەوانەش برەودان بە دیالۆگ و هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پلاتفۆرمی تایبەتمەندندا.
- زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گەڕاوەکان لە بابەتی گەڕاندنەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان.
- گۆڕینی ئاستی زانیاری و هەڵوێست و نیاز (KAI)ی ئەو کەسانەی بە نیازی کۆچکردنن، لەسەر کۆچی یاسایی و نایاسایی، هەروەها بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆچبەرە گەڕاوەکان لەسەر خزمەتگەزارییەکانی تایبەت بە دووبارە تێکەڵکردنەوەیان، لایەنە پەیوەندیدارەکان کە خزمەتگوزارییەکان دابین دەکەن و میکانیزمەکانی ئیحالەی نیشتیمانی.

1 دیدی دووبارە تێکەڵکردنەوەی گەڕاوەکان لە عێراق لەگەڵ پلانێکی کرداریدایە کە لە ڕێگەی شێوازی تەواوی حکومەتەوە پەرەی پێدراوە. خاڵە کرداریەکان بۆ هەر ئەولەویەتێک دیاری کراوە و بواری جێبەجێکردنیان دەستنیشان کراوە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی هەر دامەزراوەیەک و چوارچێوەی زەمەنی گونجاودا.

2 لە ساڵی 2020 لە بەغدا لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزراوە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان بەتایبەت بۆ هۆشیاری ڕاوێژکردن و دابینکردنی ڕاهێنان بۆ کۆچبەرانەی دێنە نیازی ڕۆشتنیان هەیە، بۆ ئەو بیانیانەی دێنە عێراق، بۆ ئەوانەی دەگەڕێنەوە عێراق و بۆ بابەتی احالەکردن.